# لەدەرەوە سەرگەرم دەکەن و لە ماڵەوە خێزانەکانیان بێزاردەکەن
# چیرۆکی پیاوە بەد مەستەکان

کیژان محەمەد – هەڵەبجە

(مەی خواردنەوە)ی پیاوان زۆریك لە هاوسەرکان بێزار دەکات بەتایبەتی کاتێك ئێوارەیەکی درەنگ بەسەرخۆشی دەگەڕێنەوە ماڵەوە، سەرەڕای ئەوەش ئازارێکی دەروونی و جەستەییان بۆ منداڵەکانیان جێهێشتووە.

"کاتێك کە دەنگی دەرگا دێت دیمەنێکی ترسناك لە ناخمدا دروست دەبێت، مێردەکەم خۆی دەکات بە ژووردا دیمەنێکی شێواو و دەنگێکی تووڕە، هاوار دەکات بە شێوەی جنێو و قسەی ناشرین و گەر لە کاتی نانخواردنیشدا بێت شەق لە سفرەی نانخواردنەکەمان دەدات"

ئەمە قسەی گەلاوێژ بوو کە یەکێك بوو لەو خێزانانەی کەچیرۆکی ڕۆژانەی ژیانی مێردە سەرخۆشەکەی بۆ دەگێڕاینەوە کە ئێواران دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

(بەدریە) یەکێکی تر بوو لەوژنانە کە مێردەکەی مەی دەخواتەوە دەڵێت"زۆرێك لە شەوان کە ئێمە خەوتووین دەگەڕێتەوە ماڵەوە خەبەرمان دەکاتەوە زۆر بەشێوەیەکی ناشرین هەڵسوکەوتمان لەگەل دەکات"

هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو شێوازە زۆر بێزاری کردوون و گرفتی مادی بۆ دروستکردوون و ماڵی باوکی یارمەتیان دەدەن کە جلوبەرگ بۆ منداڵەکانیان دەکەن، پارەشیان لێ دەسێنێت، ئەو گەرچی تووڕەبوو لە ژیانی خۆی، بەلاّم وتی"من لەبەر خاتری منداڵەکانم دانیشتووم"

(شنۆ)ی تەمەن (٢٠) ساڵ لەوبارەیەوە دەڵێت"هەڵسوکەوتی مێردەکەم زۆر ناشیرینە و بێزاری کردووم، هەر ئێوارەیەکیش سەرخۆشبێت کە دەگەڕێتەوە ئەگەر میوانیشمان بێت هێندە قسەی ناشرین دەکات، بێتاقەتیان دەکات و دەڕۆنەوە"




ئەوانەی کە مەی دەخۆنەوە هەرچەندە زیانێکی دەروونی و جەستەییان بۆ دەوروبەرەکەیان دەبێت، زۆرجاریش کێشەی مادیان بۆ درووست دەبێت و دەبێتە هۆی دژایەتیکردن لە نێوان ژن و مێردا، هەندێکجاریش ماڵەکانیان دەکەنە شوێنی مەی خواردنەوە و خێزانەکانیان دەبنە خزمەتکاریان.

(شنۆ) زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت"مێردەکەم پارەیەکی زۆر دەدات بە مەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دێتە ماڵەوە دەمێننەوە تاوەکو شەوانی درەنگ، من ئەو شەوانە تابەیانی خەوم لێناکەوێت"

(گەلاوێژ) ئاماژەی بەوەدا کە سەرەڕای ئەوەی کە مێردەکەی زیانێکی مادی زۆریان پێدەگەیەنێت، لە ڕووی دەرونییشەوە پیاوەکەی دڵتەنگی کردووەو خۆی بە کەم دەزانێت لە کۆمەڵگادا، بژێوی منداڵەکانیشی خۆی بەڕێوەی دەبات . زۆرێك لەو پیاوانەی کە ڕۆژانە مەی دەخۆنەوە، ئەوکات دایك لە خێزاندا خۆیان چاودێری منداڵەکانیان دەکەن و بژێوی ژیانیان بۆ دابین دەکەن. زۆربەی کاتیش لە نەبوونی ماددییاندا پیاوان پێداویستییەکانی ناوماڵیان دەفرۆشن بۆ ژەمی ئێوارانی خۆیان و مێزی خواردنەوەیان. (ئامینە) کە ژنێکی دیندار بوو هەرچەندە هاوسەرەکەی کەسێکی مەی خۆر بوو، ئەو تێڕوانینێکی دینی هەبوو باسی لەوە کرد کە ئەمە شتێکی ناشەرعییە و ئەو هەڵسوکەوتەی بە دوور زانی لە کلتووری کوردییەوە، هەروەها وتی"مێردەکەی زەوی فرۆشتووە بۆ مەی خواردنەوە" و ئاماژەشی بەوەدا کە"زۆرجار بە دووسێ ڕۆژ هاوسەرەکەم نایەتەوە ماڵەوە، کاتێکیش دێتەوە هیچ پارەی پێنەماوە"